کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 20:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

باشووری کوردستان_ هەولێر

## یاد و بۆنەکان لە کوردستان و هەڵوەستەیەک ... هەرمان خالد

ساڵانە دەیان بۆنە و یاد و ڕۆژی تایبەت لە کوردستان یاد دەکرێتەوە، هەندی لەوانە تایبەتن بە کوردستان وەك یادی کیمیابارانی هەڵبجەی شەهید و ئەنفال و ڕاپەڕین و ساڵیادی کۆماری کوردستان ... ... هەندێکیشیان بۆنە و ڕۆژی نێودەوڵەتین وەك یەکی ئایار و ڕۆژی مناڵان و ... ...
یاد کردنەوەی ئەو ڕۆژ و بۆنانە لە جیهان، بەو مەبەستەیە کە ئەم ڕۆژە لە ساڵدا بکرێتە خاڵێکی وەرچەرخان و تێیدا گۆڕانکاری بکری لە شێواز و ژیانی ئەم چینانە و پەند لە ڕووداوەکانی وەربگیری، وەلی لە کوردستان لەم ڕۆژانە سوکایەتی بەو چین و توێژانە دەکری، دەیان و سەدان هەزار دۆلار بەهەدەر دەدری، وەك پەشێویش دەڵی بەڵگەم پێیە هەزار بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون:
لە 5\1 سەندیکای کرێکاران بە خۆیان ومۆنیکاکانیان، لە یەکی لە هۆڵەکان ئاهەنگ دەگێڕن بۆ کرێکاران، لە کاتێکدا سەرلەبەری ئامادەبووان بگەڕێی تەنیا کرێکارێکیش نابینی، ئەوەی کرێکار بی لەم ڕۆژە لە کارکردن دایە، زۆر بە شانازیشەوە باس لە مافی کرێکار دەکەن و خۆیان بە دەمڕاستی کرێکارانی بەدبەختی کورد دەزانن، بەڵی ڕاستە مۆنیکا و چاکەت و پانتۆڕە 400 دۆلاریەکەیان شاهێدە!!!
لە 6\1 چەندین وەزیر و گزیر و پەرلەمانتار و مودیر عامەکان بە خۆیان و مناڵەکانیان، لە شوێنی ئاهەنگ بۆ ڕۆژی مناڵانی جیهان دەگێڕنَ، باس لە فریشتەیی مناڵ و مافەکانیان دەکەن، بەڕاستی ڕاستیش دەکەن مافی ئەو مناڵانەی ناو هۆڵەکەیان بە جوانترین شێوە دابین کردووە، مناڵانی یاریگا و فەیلەقی کەرکوك و هەزارانی وەك ئەوانیش با سەری خۆیان لە دیوار بدەن!!!
لە سەرەتای مانگی 3 و ڕێك لە یادی ڕاپەڕین، زۆربەی بەرپرس و مەرپرسەکان باس لە گەورەی ئەو ڕۆژە دەکەن، هاوکاری جەماوەر بە هۆیەکی سەرەکی سەرکەوتنی ڕاپەڕین دەزانن، خۆیان بە خزمەت کاری گەلی کوردستانیش دەزانن، کەچی بە کردەیی سەدان ساڵی تیشکی لەو جەماوەرە دوورکەوتونەتەوە و پشتیان لەو جەماوەرە کردووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پارووی لە دەمی مناڵەکەی گرتووەتەوە و داویەتی بەوان!!!
ئەمانە و دەیانی تری وەك ئەمانە لە لایەك، لە لایەکی تر ئەو هەموو پارە و سامانەی ساڵانە لە لافیتە و ئاهەنگ و ڤیسشتیڤاڵی تایبەت بە بۆنە و یادەکان سەرف دەکری و کراوە لە ماوەی ئەو 17 ساڵەی ئازادیدا، من دڵنیام 10 هەڵەبجە و بالیسان و گەرمیانی پێ ئاوەدان دەکرایەوە، ئەو کات خەڵکەکە هەموو ڕۆژێکی بە ڕۆژی خۆی دەزانی، نەوەك تەنیا 3\16 و 4\24 ... .. بە ڕۆژی خۆی بزانی!!!
کوردیش دەڵی (بە ڕیش نیە بە ئیشە)، بۆیە دەڵێم دەسەڵاتی کورد، تاکەی ئەو ئامادەییە بۆ ڤیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵ وئاهەنگ و ئەم جۆرە شتانە و سنووردارى داهات و ڕەزیلیش بۆ ڕێگاوبانەکان و گوندە وێران کراوەکانمان!!! تاکەییی!!!

hgrawy@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.